# پایز
# به گۆچانی ( با ) وه !

**قوبادی جەلی زادە**
jalyzada@yahoo.com

## خەبەر

_با_

بەدارستانێکدا تێپەڕی

بەچرپە گوتی :

« پایز بە رێوەیە »

لەترسان ،

چی دەست و ئەژنۆی درەختە ،

هەڵلەرزین !

## پرخە

باغ لە گۆڕستان دەچێت

مات .

لە نێو تەرمی گەڵاکاندا

تەنیا

پرخە پرخی پایز

## ماچ

_با_

دوو درەختی ،

خستە ئامێزی یەکتری ..

ئەمە دووا ماچی

ماڵئاوایی گەڵاکانە .!

## ماڵئاوا

هەور چاو پڕ لە فرمێسك .

باغ غەمگین .

وەرزی  لە قەنارەدانی ،

گوڵ و

گەڵایە !

## شانە

گەڵا سەر بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی ،

بەهار بوو .

بە دزیەوە لە باغ کۆدەبوونەوە .

کەچی کزەبایەکی خائین ،

کەشفی کردن و

پایزیش لە سەری دان !

## ژەهر

چیمەن پڕپەتی لە گەڵای ڕژاو ..

پڕ .

پڕ .

باغ لە هەڵەبجەی شەهید

دەچێ !!

**جینۆساید**

**درەختێک**

**بەقورگی پڕ لە گریانەوە گوتی :**

**تەرمی ئەو هەموو گەڵایە**

**لە کوێ بنێژین !!؟**